The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

# دەنهاخ خۆپیشاندانێکی گەورە و ئاشتیخوازانەی بە ئامادەبوونی 2500-3000 خۆپیشاندەر تیا ئەنجام درا

ئەمڕۆ 3-11-2007 دژ بە لەشکرکێشی و ملهوڕیەکانی دەولەتی توکیا بە رامبەر بە خەڵکی کوردستان دەنهاخ خۆپیشاندانێکی گەورە و ئاشتیخوازانەی بە ئامادەبوونی 2500-3000 خۆپیشاندەر تیا ئەنجام درا. خۆپیشاندەران لە ژێر دروشمی نا بۆ شەڕ بەڵی بۆ ئاشتی ، نا بۆ لەشکرکێشی تورکیا بەڵی بۆ دیالۆگ بە ڕێپێوان لە مەیدانی ( Malieveld)ەوە نزیک بە وێزگەی سەرەکی شارەکە بەرەو باڵوێزخانەی تورکیا بەڕێ کەوتن. خۆپیشاندانەکە لەسەر بانگەوازی (FedKom ) فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان بەڕێوە چوو . ناوەندی چاکیش کە چەند ڕۆژ پێشتر بانگەوازی هەموو لایەکی کردبوو بۆ بەشداریکردن چالاکانە بەشداری تێدا کرد.













پاش گەیشنی خوپیشاندەران بە بالوێزخانەی تورکیا بە بڵندگۆ و دروشمدان دەست کرا بە ووتنەوەی نا نا بۆ فاشیزم ، ئازادی بۆ کوردستان . دواتر دۆستی گەلی کورد ، پەرلەمانتاری هۆلەندی ( هاری ڤان بۆمڵ ) دەستی کرد بە قسە کردن سەبارەت بە نادروستی بڕیاری لەشکرکێشی تورکیا و ئەم سیاسەتە شەڕخوازانەیەی سەرکۆنە کرد و ڕایگەیاند کە تەنها ڕێگە گرتنە بەری ڕێگای دانیشتن و دیالۆگ و بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کوردە. دواتر دەقی پەیامەکانی لەم ماڵپەڕە بخوێننەوە . بەڕێز ئەمیر قادر پێشتر نامەیەکی ئاراستەی پارتی سۆسیالیست کرد بوو سەبارەت بەم لەشکرکێشی و هەڕەشانەی تورکیا و لە لایەن ئەوانەوە وەلام دراوەتەوە ، دواتر دەقی وەڵامەکە وەک خۆی وەرئەگێڕینە سەر زمانی کوردی. قسەکانی هاری فان بۆمڵ دواتر بە دەنگ و ڕەنگ لەم ماڵپەڕە بڵاو ئەکەینەوە. هەروەها گفتوگۆیەکی چەند دەقیقەیی لەگەڵ بەڕێز (بێترت باکم ) قسەکەری فیدکۆم لەسەر خۆپیشاندان و ئامانجەکان لێی بڵاو ئەکەینەوە

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک
http://www.chak.info
chak.org@gmail.com